# تاڵەبانی چاوەکانت بەرابەر کەرکوك‌و گەرمیان دامەخە

لەتیف فاتح فەرەج

ماوەیەك لەمەو بەر لەڕۆژنامەیەکی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا کە بەزمانی فارسی دەردەچوو لەسەرو وێنەیەکی ئەحمەد نەژادەوە کە بە دەستەکانی خۆی هەردوو چاوی توند گرتبو بەمانشێتێکی گەورە نوسرابوو"جەنابی ئاغای ئەحمەد نەژاد چەشمهای خود دەرکوردستان بازکون".

زۆرم بیر لەوە کردەوە، ئێ خۆ ئێمە بەقەولی خۆمان لەزۆر شوێنی دەوروبەر دیموکراسی ترین‌و هەر ئەوە تا نمونەی دیموکراسیەتی خۆمان بۆ شوێنانی دیکە کۆپی دەکەین، ئیدی بۆ ئێمەش لەگەڵ سەرۆك کۆمارێکی کورد بەو زمانە قسەنەکەین، بەتایبەتی کاتێك کە ئەو سەرۆك کۆمارە بەتەواوەتی ئاگای لەبارودۆخی زۆر خەراپی هاوڵاتیەکانی نیە لەگەرمیان‌و کەرکوك، مەبەست لەئاگابون‌و ئاگانەبون، ئەوەیە ئەوڕۆ لەکەرکوکدا بۆ ناردنەوەی عەرەبی هاوردە"20" ملیۆن دینارو بۆ خەڵکی ناو پارێزگا"10" ملیۆن دینارو بۆ قەزاو ناحیێ‌و گوندەکانیش"5" ملیۆن دینار دانراوە، لەکاتێکدا، بەدرێژای ساڵانی 1963 تا 2003 واتە لەمەدای"40" ساڵی ڕەبەقدا زۆر ترین زیان بەر گوندەکان کەوتوە، گوندەکانی کەرکوك‌و گەرمیان"5" ملیۆن دینار گاڵتە پێکردن نەبێت بەکەسوکاری ئەنفال‌و قوڕ بەسەری ئەو گوندانە چیە؟!.

ئایە سەرۆك کۆمار کە بەقسەی زۆرێك بەو ڕۆژگارە بەخشندەیی دەکات‌و تەنانەت دوژمنانیش لە بەخشندەیی ئەو بێبەش نەبون، نمونەی تاریق عەزیزو بڕینەوەی موچە بۆ "عەبدولکەریم قاسم"و بەشێك لەو سەرۆك جاشانەی کە لەژێر باڵی سەرۆکی کۆمارو سەرۆکی هەرێمدا ورگی خۆیان زل دەکەن، ناتوانێ کەمۆ کە یەکیش بەرابەر خەڵکی ئەو گوندانە بەخشندە بێت کە خۆی ڕۆژگارێکی زۆر پێشمەرگەبووە لەناویاندا گوندە هەمیشە سوتاوەکانی گەرمیان، ئەو گەرمیانەی کە بۆ بەکوشت دان، لەشەڕی بەعس‌و ئێران‌و ناوخۆشدا پێیان دەگوتریێ"دەی کوڕە کوڕەی گەرمیان بەقوربانتان بین"تومەز ئەمە بەقوربان نیە، بەقوڕبانە، ئاخر هەر لەو زۆرە نەوتەی کە لەکەرکوك دەدزرێ دەتوانرێت ئەوە چارەسەر بکرێت"پێنج ملیۆن" چی دەکات بۆ پیرە ژنێکی گەرمیانی کە خۆی گوتەی لەچوار کوڕ قەرایی نەماوە، دەمەوێ هەر لێرەدا لەسەر ڕوفاتی ئەنفالەکانیش قسەیەك بکەم، جەنابی سەرۆك کۆمار ئێوە ئاگادارن کە ئەنفال بەشێوەیەکی زۆر چڕ لە گەرمیاندا بەڕێوە چوو ئێستا خێرە مۆنۆمێنتی ئەوانە ببرێتە شوێنی دیکە، پیرە ژنێکی سەر قەڵا و ڕزگاری‌و شۆڕش‌و نەو جولە بۆچی ئێسك‌و پروسکی کوڕونەوەکانی دوای نۆزدە ساڵ نەیەتەوە بەردەستی، خۆ لە ڕووی قانونیشەوە هەر دەبێ بۆ بەخاك سپاردنیان پرس بەکەسوکاریان بکرێت، ئێوەش پیاوێکی قانونین، بۆ مۆنۆمێنتی ئەوان لەنزیك کەرکوك لەچیمەن یان لەحەسار نەبێت، ئایە ئەوە نابێتە هەنگاوێکی نەتەوەیی گەورە، شوقەکانی زەکەریاو دریم ستی‌و ئەو شتانە بۆ شوێنانی دیکەو ئێسك‌وپروسکی ئەنفالەکان بۆ ئێمە، لە کەسیش قەبوڵ ناکەین ئەو ئێسك‌و پروسکانەمان داگیر بکەن، بۆیە ئەرکی ئێوە تۆو جەنابی سەرۆکی هەرێمە، ئەو ئێسك‌و پروسکانە بگێڕنەوە زێدی خۆیان ئێ ئەگەر ئەو پێنج شەش مانگەش، دایك‌و باوکی ئەو ئێسك‌و پروسکانە بتوانێت بەو شڕە موچەیەی کەدەیدرێتێ مانگی دوو جار بچێتە سەر ئێسك‌و پروسکی جەرگەکەی خۆ حکومەتی کوردی بڕیاریان داوە لەدوای 20 ساڵ ئیدی ئەو موچەیە ببڕێت، واتە بەهەموو پێوەرێك ساڵێك کەمتر ماوە بۆ بڕینی بۆیە تکایە لەوەزیاتر ئازاری ئەو پاشماوەیە مەدەن‌و ڕوفاتی قوربانیەکانیان بدەنەوە دەستی خۆیان، سەرۆك کۆماری هێژا، ئەدی ئێوە بۆ بڕیار نادەن لەموچەی وەزیرو پەرلەمانتارو بەڕێوەبەری گشتی‌و دیوەخانانەو ئاغایانە کە مبکرێتەوە، بۆ لەموچەی بەرپرسی مەڵبەندو لق‌و ئەوانە کەم ناکەنەوە، من بۆ خۆم هەر لە ئێستاوە "150" هەزاری

ڕێز لێنانی نوسەرانو 130 هەزاری فەرمانبەریم هەیە هەمووی دەكاتە 280 هەزار نامەوێتو لەو پیرەژنو پیرەمێردانە لێ بگەڕێن با تامردن ئەو كەمە موچەیە وەربگرن هەر ئەو كەمە موچەیە وەكو پەیوەندی لەنێوان ئەوانو دەستەلآتی كوردیدا ماوەتەوە ئاوڕێك لەكەركوكو گەرمیانیش بدەرەوە!!.